## هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی شاری حسێن عارف دا

## توێژینەوەیەکـــی وەسفی شیـــــکاری ڕەخنەییە

م . ڕزگـــار عومـەر فەتاح /رزگـــار عمر فتاح

زانکۆی کۆیە/ فەکەڵتی پە روەردە / بە شی کوردی

rzgar.umer@koyauniversity.org

Rzgar Umer Fattah

، Kurdsh party,Bassic Education faculty

University of Koya

پوختە:

ئەم لێکۆلینەوەیە کە بەناونیشانی (هونەری گێڕانەوە لە ڕۆمانی شاری حسێن عارف)ە.دەرفەتێکە بۆ تیشک خستنەسەر هونەرەکانی ڕۆمانی کوردی بەگشتی و ڕۆمانی شاری حسێن عارف بەتایبەتی. کە لە ئێستادا پێگەیەکی گەورە وفراوانی لە بواری ئەدەبیدا هەیە.هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ بایەخ و زیندوویەتی ڕۆمان و هونەرەکانی ڕۆمان لە لایەک و تواناو لێهاتوویی و ئەزموون و هزری پڕ داهێنان و گۆڕانکاری جیهانبینی حسین عارف لەم بارەیەوە دەگەڕێتەوە.

سنوری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی گرینگی هونەری گێڕانەوە لە رۆمانی شاری حسێن عارف و تێڕوانین و زەوق و سەلیقەی نوسەر لەم بارەیەوە چڕ دەبێتەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە پیشاندان و خستنەڕووی کاریگەری هونەرەکانی ڕۆمانی کوردی و، هۆکاری نوێ بوونەوەو سود وەرگرتنیەتی لە تەکنیک و هونەرەکانی ڕۆمانی رۆژئاوایی بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ یان ناڕاستەو خۆ، رۆڵی و کاریگەری حسێن عارف لەم تازەبوونەوەیەدا،وەک ڕۆمانووسێکی پێشڕەو داهێنەر لەم بوارەدا.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:میتۆدێکی شیکاری وەسفی یەو، بۆ ئەو مەبەستەش لە گۆشەنیگای هونەرەکانی ڕۆمان و هونەری گێڕانەوە بە شێوەیەکی پراکتیکی تواناو دیدی هونەری و ئەزموونی گۆڕانکاری و داهێنانی نوسەرمان لەم بارەیەوە خستۆتەڕوو. بنیاتی لێکۆڵینەوەکە، لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی تیۆرییەو لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم

بریتییە لە چەمک و پێناسەی هونەری گێڕانەوە.وەک بیروبۆچوونی نوسەران و ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان وتەکنیکی گێڕانەوە. هەرچی تەوەرەی دووەمە دەربارەی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وشێوازی گێڕانەوەیە.بەڵام بەشی دووەم بەشێوەیەکی پراکتیکییە و دەربارەی پێگەوکاریگەری تەکنیکی گێڕانەوەیە، لە ڕۆمانی شاری حسێن عارف دا ، کە ئەویش لە دوو تەوەردا خراوەتەڕوو: تەوەرەی یەکەم دەربارەی پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە یە لە ڕۆمانی شاری (حسین عارف )دا. بەڵام تەوەرەی دووەم :ـ بریتییە لەپراکتیزەکردنی شێوازەکانی گێڕانەوە لەم بەرهەمەی نوسەردا، کەئەوانیش گێڕانەوەی خودی و  گێڕانەوەی بابەتییە.

**پــێشـەکی :**

ڕۆمان و هونەرەکانی ڕۆمان لەم سەردەمەی ئێستاماندا گرینگییەکی زۆری لە جیهانی ئەدەبیدا هەیە.بەشێوەیەک ئەم ژانەرە یەکێکە لە ژانەرە زیندوو و بەهادارەکانی چەشنەکانی ئەدەبی و پێگەیەکی گەورەو بەهێزو فراوانی لە بەرهەمی نوسەرەندا داگیرکردووە،لە پاڵ ئەمانەشدا ڕۆمانی کوردی توانیویەتی هەنگاوی گەورە بهاوێژی و سنوری کوردستان ببەزێنێ.ڕۆمانەکانی حسێن عارف بەگشتیو ڕۆمانی شار بەتایبەتی لەم ڕووەوە ئاستێکی زۆر باشی بڕیوە.بە شێوەیەک نوسەر توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر داهێنان گۆڕانکاری لە فۆرم و ناوەرۆکی ڕۆمانی کوردیدا بکات و، شێوازی نوسینی ڕۆمان لە قۆناغی سادەیی و سەرەتاییەوە بەرەو قۆناغی زانستی و هونەری بەرزی ئەدەبی ببات. هونەری گێرانەوەش وەک یەکێک لە هونەرە سەرەکی و کاریگەریەکانی ڕۆمان جیگای بایەخی نوسەر بووەو، لە بەرهەمەکانیدا دەدرەوشێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین هەم ڕەگەزەکانی گێڕانەوە و هەم شێوازی جوان و سەرنج ڕاکیشی گیڕانەوەی  دەقی ڕۆمان  لە لای حسێن عارف خەسڵەت و سیماو مۆرکێکی تایبەتی هەیەو  بووە بە ناسنامەی نوسەرو پێی دەناسرێتەوە،هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی لەم دەروازەیەوە قسە لەسەر هونەرەکانی ڕۆمان بکەین و بیرو بۆچوونی نوسەران و ڕەخنەگرانی بواری ڕۆمان نوسی لە پاڵ شرۆڤە کردن و شیکرنەوەی ئەزموون و توانا هونەرییەکانی نووسەر لەم بارەیەوە بخەینەڕوو بێگومان ڕۆڵی نوسەر لە چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی و پڕ داهێنان  لە رۆماندا زۆر هەڵدەگرێت ، ئەمەش بۆ شارەزایی و لێهاتوویی و زەوق و سەلیقەی نوسەر لەلایەک و گرینگی وشوێنی ڕۆمان لە جیهانی ئەدەبی سەردەمدا دەگەڕێتەوە.

**بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆ ناساندنی تەکنیکی گێڕانەوە :-**

**تەوەرەی یەکەم : چەمک و پێناسەی گێڕانەوە:**

لە تاوتوێ کردنی دەستەواژەی ((گێڕانەوە (Narration) ، بەم دەرئەنجامە دەگەین کە ڕیشە و بنەماکەی دەگاتەوە سەر وشەی (Narrara)لەلاتین و (Gnarus)ی یۆنانی کە بە مانای ((زانست)) و ((ناسین)) دێت کەڕیشەی هێندو ئەورووپایی (gnos)ی هەیە . بەم پێیە گێڕانەوە ، دەبێتە ((دۆزینەوەی زانست )) ، ئەرەستووش لە بووتیقادا هەربەم مانایەی گرتوە . بەم پێییە گێڕانەوە ، زانست لەسەر ڕووداو بەسەرهاتێکی تایبەتە )) ( کاروان محەمەد پور،htt://info.dengekan )

هەروەها نوسەر بەشێوەیەکی تر باسی چەمکی گێڕانەوە دەکات و دەڵێت ((میتاسەرهات شێوازێکی دیکەی گوزارشتکردنە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم پەیدابووە . ئەم زاراوەیە وەکو هەموو زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی دیکە ، زاراوەیەکی ئەوروپییە ، لە زاراوەی (Metafiction) میتافیکشنی ئینگلیزییەوە هاتووە . ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی لێکدراوە لە دوو بەش پێکهلتووە . ((Meta لەزماندا واتەی ((سەروو))یان ((ئەودیو)) دێت . بەشی دووەم (Fiction)بەواتای ئەدەبیاتی گێڕانەوە ، یان خەیاڵی دێ)).(حەمەمەنتک ، azhans. krd : 2016)لەگەڵ ئەوەشدا، ((سەرهەڵدانی چەمکێکی تیۆریی ئەدەبی بوون بەناوی گێڕانەوە ناسی (narratology)کەمەبەستی تێگەیشتن بوو لە پێکهاتەی گێڕانەوە و ئەو پرسیارە کە گێڕانەوەکان چۆن دەگێڕدرێنەوە و پێکهاتە سەرەکییەکانیان کامانەن و کارکردی ئەم پێکهاتانە دواجار چۆن دەبنە کەرەستە و ئامرازی خولقاندنی مانا)) .(هاشم ئەحمد زادە :76، www.academia.edu).گێڕانەوە لە ژیانی مرۆڤ دا پانتایەکی گەورەو فراوانی داگیرکردووە،هەر نوسەرێکیش بە پێی ڕاو بۆچوونی خۆی بۆی دەچێت و قۆناغ بە قۆناغ و بەپێی سەردەمەکەی خۆیشی پێناسەی بۆدەکات،لەمەوەش بۆمان دەردەکەوێ گێڕانەوە لە نوسین و ئاخاوتنوو ئێستا و ڕابردوو لە مێژووی گێڕانەوەیی بەسەر هاتولایەنی هونەری مۆسیقاو شێوەکاری شانۆ گەریش ڕۆڵێکی گەورە و کایگەری هەیە،وە هەر نوسەرەو شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە لە گێڕانەوە ،

(((ڕۆلآن بارت) لەوتاری بەرکولێک بۆ توێژینەوەی پێکهاتەیی گێڕانەوە،دا (1966)سەبارەت بە گێڕانەوە بەم چەشنە دەدوێ و دەڵێ: گێڕانەوەکانی دنیا،بێ ئەژمارن،سەرەتاوە پێش هەموو شتێک ، بریتییە لە ژانەرێکی ئەدەبی هەمەچەشن کە خۆی بەناو بابەتگەلی جۆراوجۆر دا بلآوبۆتەوە ، وەک ئەوەی بلێی چیرۆکەکانی مرۆڤ هەر ماکەو پێکهاتەیەکدا دەگونجێت )) (عبدالخالق یەعقوب،2006 : 92) هەروەها ، ((پەیوەندی گێڕانەوە بە مرۆڤەوە چۆنیەتی نوسینەوەی حیکایەتی سەرزارەکی بووە کە لە گێڕانەوەی زارەکیدا نەماوە تەوەو گوازراوەتەوە بۆ ناونوسین). (نیهاد جامی،2019 : www.rudaw.net).هەر لەپێناسەیەکی تری، ((گێڕانەوە،تەنها ڕەگەزێکی ڕۆمان نییە بەڵکو، ڕۆمان خۆی یەکسانە بە گێڕانەوە. واتە هەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان،لە ڕێگەی گێڕانەوەوە بنیاتدەنرێت و دەخرێتەڕوو)).((جەلال ئەنوەر سعید،2009 : 15) لەم پێناسانەی سەرەوە دا بۆمان دەردەکەوێ کە لە پێش هەر گێڕانەوەیەک گێڕانەوەک هەیە کە هەموو ڕووداو بەسەر هاتوو چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کەواتە،((گێڕەڕەوە ئەو کەسەیە،چیرۆکە کە دەگێڕێتەوەو باسکردنی ڕووداوەکان و وەسفکردنی شوێنەکان دەخاتە ئەستۆی خۆی کەسایەتییەکانیش نمایش دەکات و وتەکانییان دەگوازیتەوە و گوزارشت لە بیرو بۆ چوون و هەستەکانیان دەکات)).

((مستەفا سالح مسەفا خرواتان ،2013 : 15)هەر لە بابەتی پێناسەی گێڕانەوە دا بۆمان دەردەکەوێ کە زمان و نوسین ڕۆڵی گرینگیان هەیە.((زمان بونەوەرێکی زیندووە لەگەڵ واقیع و ژیاندا گەشە دەکات و پەرەدەستێنی،بۆیە جۆری سەوداکردنی نوسەران لەگەڵ زماندا جیاوازە،و هەریەکە لە نوسین و گێڕانەوەی بەرهەمەکانیاندا پەیڕەوی شێوازێکی تایبەت بەخۆیان دەکەن و دەیانەوێ ڕەسەنایەتی بە بەرهەمەکانیان ببەخشن و لە بەرهەمێکی دیکەی جیابکەنەوە)) . ( شوان غازی پیرداود ، 2006: 41)

لەگەڵ ئەمەشدا پێناسەیەکی تری گێڕانەوە دێتە ئاراوە ئەویش ، ((زۆر لەزانایانی زمان بەلایانەوە وایەکە وتە یەکەم جار لە دەنگەوە وەرگیراوە،واتە لە دەنگی گیاندارو باو باران و ئەوشتانەی کەلە کردەوەیەکی ئادەمیزادەوە پەیدا دەبێ وەک دەنگی لێدان و کوتان و شکان و گەلێ شتی تر .ئینجا مەبەستیان لەگێڕانەوەی یەکێک لەو دەنگانە باسی ئەوشتە بووە کە دەنگەکەی لێوە هاتووە یابا سی

ئەو شتە بووەکە دەنگەکەی لێوە هاتووە یا باسی شتێک بووە کە بە خاوەنی دەنگەکەوە بووە)).(شێخ محمەد خال،2005 :13)

## 2_ تەکنیکی گێڕانەوە :

بەمەبەستی زیاتر شارەزابوون و تیشک خستنەسەر گێڕانەوە لە ڕووی تەکنیکەوە بە شێوەیەکی زانستیانە و هەڵسەنگاندنی هەریەک لەو ڕەگەزە بەشدار بوانە بخەینە ڕوو ، وە هەموو ڕەگەزەکانیش پەیوەستن بە یەکەوە و گرێدراوی یەکەن لەوانەش ، (ڕووداو ، کات ، شوێن ، وەسف ، کارەکتەر ، زمان ، شێوازی گێڕانەوە ، گۆشە نیگا ......تاد) .

تەکنیکی گێڕانەوە لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر جیاوازە هەر نوسەرە و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە نوسینا لە تەکنیکی گێڕانەوەش تەنها باسی چەند ڕەگەزێکی گێڕانەوە دەکەین لەوانە :

**أ ــ ڕووداو :**

((کردارێکە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە)) .((میران جەلال محەمەد ، 2009 :13))

ڕووداو وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی گێڕانەوە گرنگی خۆی هەیە ، ((ئەرستولە باسی تراجیدیادا دەڵێت : (تراجیدیا بریتیە لە لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتوو کە درێژییەکی دیاری هەیە .) لەنێوان ئەم پێناسەیەدا بۆ تراجیدیا ، ئەرستۆ یەکێتیی ڕووداو بەرباس دەدات ، واتا (ڕووداو دەبێ سەرەتا و ناوەڕاستە و کۆتایی هەبێت )). (محەمەد ئەحمەد حەسەن ،2013 : 62) هەروەها ((بەپێی ئەو چەمکەی کە(ڕۆلاناڵدبارد 1915–1980)بۆی داڕشتوە ((بریتییە لە کۆمەڵێک ئەرکی کارتێکراو لە لایەن هۆکارێک یان چەند هۆکار گەلێکەوە دێتە ئاراوە )) . واتە هەمیشە ڕووداو بەهۆی کارگەلێکەوە دێتە ئاراوە کە سەرەتای جوڵەیەک دروست دەکات پاشان ئەو جوڵەیە بۆ خاڵێک بەرز دەبێتەوە هەمیشە خالێکی کۆتایی هەیە کە جوڵەکەی تێدا دەوەستێ ، کە کۆتایی ڕووداوەکە دەبێ )). (محەمەد سەرابی ، 2018 ،ngekande. info)

لێرەدا ((ڕووداو ، یەکێکە لە ڕەگەزە پێکهتێنەرەکانی ڕۆمان و پرۆسەی گێڕانەوە یاداشتێکی هەروا ئاسایی و سەرپێیی نییە،بەڵکو بەشداریی لە ڕێرەوی پرۆسەی گێڕانەوە دەکات،هەر وەک چۆن بەشداریی لەسەرەتاو کۆتایی ئەم پرۆسەیە دا دەکات )). (جەلال ئەنوەر سعید،39:2009)

((د.انگۆنیوس بگر لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕووداو کۆمەڵی بەسەرهاتە کە حیکایەت خوان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو ڕێکیان دەخاتەوە گەشە دەکەن و گرژ دەبت بەپێ ئەو چارچێوە هونەرییەیی بۆی کێشراوەو، پەیوەندیەکی تۆکمەیان بەکارەکتەرەکانەوە هەیە و دواتریش بۆ خزمەتی (چنین)کارلێک دەکەن)).(سەنگەر قادر شێخ محمەد حاجی،154:2009)((لەبەر ئەوەی یەک بەدوای یەکی ڕوودانێ ڕووداوەکان کە کارەکتەر لەشوێنێکدا ئەنجامیان دەدات دەوەستێتە سەرکات ، چونکە ئەو ڕووداوانە لە کاتدا ڕوودەدەن ، بۆیە ڕوودانی ڕووداوێک کە کارەکتەرێک ئەنجامی دەدات پێویستی بەکات و شوێنێکی دیاری کراو و گونجاو هەیە ، کە واتە توخمی ڕووداو لە پاڵ توخمەکانی تردا بریتین لە (کارەکتەر ، کات ، شوێن ....هتد))). (معتصم احمد حمدامین ، 2012 : 132) لەسەر چاوەیەکی تردا ، ((ڕووداو بەهۆی کەس و کارەکتەرە سەرەکییەکانەوە بایەخی خۆی بەدەست دەهێنێت،کاتێک چیرۆکنوس دایان دەمەزرێنێت بۆ ئەوەی ببنە خالی گرنگیپێدان یان خالی دەستپێکردنی کێشەو ململانێکە)).(ئەردەلان شوکر سابیر،30:2002). لەکۆی بیروڕای ئەو نوسەرانەوە بۆمان دەردە کەوێ کە تەکنیکی گێڕانەوە بێ ڕووداو نابێ و هیچ بەهایەکی نامێنێ چونکە لە هەرگێڕانەوەیەک دا کە مرۆڤ لەژیانی دا دەی گێڕێتەوە ڕووداوێک لە ناو گێرانوەکانی دا روویداوە یاخود روودەدات لەمەش بۆمان دەردەکەوێ کەتەکنیکی گێڕانەوە بێ ڕووداونابێ.

**ب_-کات:**

((لە پرۆسەی گێڕانەوەدا هەمیشە دوو (کات)مان هەیە،(کاتی حیکایەت و کاتی گێڕانەوە).کاتی حیکایەت یان کاتی ڕۆمان، ئەو کاتەیە کە تێدا ڕووداوەکانی ڕۆمان بەشێوەیەکی یەک بە دوای یەکدا هاتووە،هەرچی کاتی گێڕانەوەیە ،بریتیە لەو کاتەی کە تیایدا گێڕەرەوە ڕووداوەکان ڕێکدەخات و دەیان گێڕانەوە )).(جەلال ئەنوەر،2009: 83-84)هەروەها نوسەر ((ئازادە لە شێوە و دابەشکردنی

کات.ئەمەش پەیوەستە بەلایەنی هونەرییەکە و چۆنیەتی دابەشکردنی کاتە کە بەپێی شێواز و ڕێکخستنی ڕووداوەکان ،کەبەندە بە ستاتیکای دەقەکە)).(د.عەتا رەشید حسێن،د. مەریوان عومەر حسن :2018: www.hawler.com)

هەر لە بارەی کات ،((تۆدۆرف))کات لەچەند شێوەیەک کۆدەکاتەوە ،((کاتێک نوسەر لەکاتی چیرۆک لا دەدات لێرەدا شێوەی جیاوازی کاتی وتار بە دیار دەکەوێت، کۆ دەبنەوە لە زنجرەیی ، نۆبەتی دەست تێوەردان)).(حەمە مەنتک،145:2013) هەندێ لە لێکۆڵەرەوان باوڕیان وایە کە،((کات و شوێن)). پەیوەستن بەیەکەوە،((بۆ نموونە ( عبدالله سەراج)،ئەم دووانە بەیەک توخم دادەنێت ، نابێ کات لەجێ جودا بکەینەوە، هەروەها نابێ ئەوجێکاتە لە کەسایەتییەکاندا دابرین ئەمە وەک وایە داوا لە کیسەل بکەین،کە قەپێلکەکەی داماڵێ،بێگومان ئەوسا بڕیاری کوشتنی دەدەین)).(محمەد ئەمحمەد حسن ،78:2013).هەر لەبارەی کاتەوە،((شیکۆفیسکی دەڵێت:لە کاری ئەدەبیدا دەبێ کاتی حەکایەت و کاتی گێڕانەوەی لێک جیابکەینەوە)).( ڕێزان رەحمان خدر ،2007، 120-121)

**ج _ شوێن :**

شوێن لە ناو دەقی گێڕانەوە دا گرینگی خۆی هەیە چونکە لە هەموو دەقێکدا ئەگەر کات و ڕووداو و هەبێت لەگەڵ کارەکتەر ئەوا دەبێ شوێنێکیش هەبێ بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان و ڕۆڵ گێڕانی کارەکتەر لەم شوێنە هەر بۆیە لەم بارەیەوە، ((د. سیزاقاسم دەڵێت : شوێن ئەو چوارچێوەیە یەکە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن )) . (سەنگەر قارد شێخ محەمەد حاجی ، 2009 : 133)

دەربارەی شوێن و پەیوەندی بەکاتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ، (( شوێن و کات پەیوەندییەکی لە پسان نەهاتوو یان هەیە ، محاڵە لێک جیابکرێنەوە ، شوێن بەبێ کات بونی نیە ، لە هەمان کاتدا کاتیش بەبێ شوێن نەبووە )) . ((سەباح ئیسماعیل ، 2005 : 26)

هەروەها ((فرێدریک جیمسۆن)) دەڵێت: ((من پرۆسەی شوێن دانەری گێڕانەوە وەک کارکردی سەرەکی یان نمونەیی زەینی مرۆڤ لەقەڵەم دەدەم .))

(عبدالخالق یەعقوب ، 2006 : 93 ) بەم پێیەش بۆمان دەردەکەوێ شوێن لە دەقدا گرنیگی خۆی هەیە هەر دەقێکی ئەدەبی ، گەر پێگەی شوێن خۆی ون بکات ، ئەوا تایبەتمەندێتی و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات و گرنیگی ئەوتۆی نامێنی .

**د _کارەکتەر :-**

کارەکتەر بەهەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تری گێڕانەوە گرینگی و بایەخی خۆی هەیە بۆیە ،((چێژ لەکن ئەو خوێنەرانە ئەو کاتە دروست دەبێت کە هەستەکانی پاڵەوان یەک بێتەوە کەسی پیرۆز ، یان خراپە کار بەتەنێ لەیەک بەرگدا نامێنێتەوە . ئەریستۆ کارەکتەرێک لە نێوان هەردووکیان پێشنیاز دەکات ، ئەویش گۆرانی پاڵەوانە لە کەسێکی چاکە کارەوە بۆ خراپە کار،یان بەپێچەوانەوە بۆیەش ئەم تیۆریزانە دەسکاری بنیاتی ناوەوەی ڕووداوی تراجیدیا دەکات)) .

(حەمە مەنتک ، 2019 :ns2 :kurd presscom) هەروەها ((بونی کارەکتەر لە ڕۆماندا وەکو بوونی هەناسەیە بۆ مرۆڤ ئەگەر مرۆڤ هەناسە نەدات دەخنکێ و دەمرێت ، بەهەمان شێوەش ڕۆمان بێ بوونی کارەکتەر مردووە)) . (شوان غازی پیرداود ، 2015 : 91)

((لە سەردەمی کلاسیکدا گرنگی زۆر بە کارەکتەر دەدرا . بەشێوەیەک وەسف دەکرا ، خوێنەر ئاگاداری تەنانەت ڕەنگی چاویش دەبوو ساکارترین شێوە بۆ وەسفکردنی کارەکتەری ڕۆماننووسە کۆنەکان ، بریتیی بوو لە وەسفی جەستە و کورتەیەک لە ژیانی کارەکتەر . ))

(محەمەد ئەحمد حەسەن ، 2013 : 89) هەروەها ناونانی کارەکتەر کاێکی ئاسان نیە . لەم بارەیەوە،((هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆک ، هێندە ئاسان نییە وەک هەندێ لە برا چیرۆکنوسەکانمان تێنەگەیشتون من بەشبەحاڵی خۆم بە دەست هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکانمانەوە زۆرماندوو دەبم و ، هەمیشە تەقەلا دەدەم ناوەکە پڕبەپێستی ئەو کەسە بێ ، کەلە زەینی خۆمدا نەخشم بۆ جۆری جموجۆڵ و جێگە و پایە و پلەی لە کۆمەڵدا کێشاوە)) . (حسێن عارف ، 2002 -32)

**هـ _ وەسف:-**

وەسف بەتەکنیکێکی گرنگی گێڕانەوە دادەنرێت لەگەڵ  توخمەکانی تری گێڕانەوە دا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت ، ((ئەستەمە وێنای بابەتێک یا باسێک بکەین کە خالی بێت لەکەمترین ئاستی هێماکانی وەسف و ئەمەش راستی  و تەکەی(جیرارجنێت)دەسەلمێنێت دەڵی، وەسفکردن بەبێ قسەکردن زۆر ئەستەم ترە لە قسەکردن بەبێ وەسفکردن)).(کاروان مەهدی عوسمان،12:2008).هەروەها لە توێژینەوەیەکی تردا ،((وەسفکردنی بەسیفەتێکی نیگار کێشان لەقەم دەدا کە تابلۆی کەسایەتی و شوێنەکان و شتەکان دەکات هەروەها بە جۆرە حسانەوەیەکی خوێنەر لە جوولە سەیری دەکات)). (محمەد نوری ئەحمەد،180:2003)کەواتە ((مەبەستی راستەقینە لە وەسفکردن ،چەسپاندن ئەو دیمەنانەیە لە بیرهۆشی خوێنەردا کە بایە خێکیان لە چیرۆکەکەدا هەیە، وەک وەسفکردنی ئەو شوێنەی دەبێتە شانۆی کارەسات و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە یا دیمەنێکی ئەو تۆ کە کارێکی گەورە بکاتە سەر ئەنجامەکەی)).(ئەردەلان شوکر سابیر،100:2009).چونکە وەسفی ((شتەکان بەباشی نیشان دەدات و ڕۆدەچێتە نێو وردەکاریی شتەکان لەچەندین گۆشەی جیاوازەوە وەک کامێرایەکی فۆتۆگرافی وێنەکانمان بۆ دەگرێت . هەروەها ئەم وێنە گرتنەی وەسف وا لە نوسەرێک دەکات کە وەسف بەسیفەتێکی نیگارکێشان لە قەلەم بدات و نەک هەر ئەمەش، بەڵکو وەسفکردنەکان دەکات بەنیگاری نێوەندەکان)).( معتصم احمەد حمدامین ،18:2012).

**تەوەری دووەم:  1_–ڕەگەزەکانی گێڕانەوە:**

((گێڕانەوە ئەرکیکە دەکەوێتە ئەستۆی گێڕەڕەوە ،بەو مانایەی کە گێڕەڕەوە  لە چیرۆکدا کرداری گێڕانەوە جێبەجێدەکات و چیرۆکیش، گێڕانەوەی ڕێڕەوەکان یان زنجیرەیەکی گرێدراوی ڕووداوەکان،یان شێوازی گێڕانەوە یەو مەبەست لێرە چێژ بەخشین و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر یان گوێگرە)).(معتصم  احمەد حمەد امین،12:2012).هەروەها ((جۆری گێڕەڕەوە  هەر لە گێڕانەوەی ئاساییدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە بەکارهێنانی ڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوەدا،وەک دایەلۆگ و مەنەلۆگ دەتوانین شێوازی ڕۆماننوس و جۆری گێڕەڕەوە  یان دیاری بکەین، هەروەکو لە ڕۆمانی (بەندکراو_ئەنیس زەکی حسەسەن )دابە درێژایی ڕۆمانەکە دایەلۆگی تێدا نابێنیت،زیاتر لە  دوو

دیمەنی کورت نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا گێڕەڕەوە ڕووداوەکان بەڕاناوی نادیار پێشکش دەکات)).(ڕێزان رەحمان خدر ،37:2007). بەم پێیەیش ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دابەش دەکەین بۆ دوو بە بەش: أ–_ دایەلۆگ:– ب– مەنەلۆگ:–

**أ–دایەلۆگ:–**

دایەلۆگ وەکو ڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوە ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا.مەبەستیش لە دایەلۆگ ئاخاوتنی نێوان کارەکتەرەکانی یاخود کە سایەتییەکانی ناو ڕۆمان ڕۆماننوس بەهۆی تەکنیکی دایەلۆگەوە هەست و سۆز و ناخی خۆی تێکەڵ دەکات لەگێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا هەر بۆیە ،((دایەلۆگ شێوەیەکە لە شێوەکانی گوزارشتکردن کە کەسێتیەکان پێی دەدوێن و گفتوگۆکانیان نزیک دەکاتەوە لە بابەتگەلی و ڕونی و ڕاشکاوی ئەویش ئەو فۆرمەیەکە قسەکردن پشتی پێدەبەستێ بە ڕێگەیەک کە جێی بزواندنی بایەخی دەبێت کە ئەویش پابەندە بە هاوسەنگی و ڕێکخستنیەوە لەڕووی ئاوازو ڕێک وپێکی شێوازە کەیەوە)).(ڕێزان رەحمان خدر،96:2007) هەرچەندە دایەلۆگ لەڕێی ئەندامی ئاخاوتنەوە دەردەبڕدرێت،((زیاتر پەیوەستە بەعەقل و ئەو پەیامەی دەریدەبڕێت،گەرچی لەدایەلۆگ کارەکتەرەکان لەسەر بابەتێک گفتوگۆ دەکەن ڕەنگە پەیوەندی هەبێ بەناوەڕۆکی بەرهەمەکەیان بە پێچەوانەوە ، بەڵام مەرج نیە دیالۆگ تەنیا گفتوگۆکردن بێ ، هەمیشە دیالۆگ مەیدانی بەکارهێنانی عەقڵ و شوێنی داهێنانەکانییەتی ، سەرکەوتن و جوانی ڕازاوە بێ مانای بە دیارخستنی دەست کەوتەکانیەتی )) (پ.د.هیمداد حسێن بەکر،2015 : 153)

هەروەها ڕۆماننوس دەبێ ئاگاداری ئەوەش بێ ،((ئاگاداری پلەو پایەی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی کارەکتەرەکان بێت و بزانێت قسەکردنی کەسێک کە جوتیارێکی لادێیە جیاوازە لەگەڵ چۆنیەتی قسەکردنی بازرگانێک کە لە شاردا دادەنیشێت و هەڵسوکەوت دەکات یا خود ئاستی ڕۆشنبیریی مامۆستایەک لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوار جیاوازی هەیە . ڕەنگە ئەم جیاوازیەش لە شێوەی قسەکردن و چۆنیەتی بیرکردنەوەیەکەیان ڕەنگدانەوەی خۆی ببێت )) . (ئەردەلان شوکر سابیر ، 2009 : 110) ، لێرەدا ڕۆڵ و گرینگی دایەلۆگمان بۆ دەردەکەوێ لە گواستنەوەی ڕووداوەکاندا و

گفتوگۆی نێوان دووکەس سەبارەت بەخستنەڕووی ڕووداوەکانەوە بۆمان دەخاتەڕوو ، لەئەنجامی ئەم گفتوگۆیەش گرینگی ڕووداوەکە بەوردەکاری وردەوە دەخاتە ڕوو .

**ب– مەنەلۆگ :–**

مەنەلۆگ بەیەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی نوێ دادەنرێت ، ((یەکێک لە تایبەتمەندییە کانی مۆنۆلۆگ پەیوەستە بەو گۆڕانانەوە کە ئەم . پرۆسەیە لە بەهای ڕەگەزەکانی (کات ، شوێن ، کەسێتی ، ڕووداو) دا بەرپایان دەکات چونکە لە مۆنۆلۆگدا ڕووداوەکان بەرەو ناخ و دەروونی کەسێتییەکان قوڵ دەبنەوە وەهزر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و بیرەکان بە ناخدا ڕۆدەچن )) . (میران جەلال محەمەد ، 2009 ، 181)هەروەها مەنۆلۆگ ((یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی وێنەکێشانی بارو دۆخی کارەکتەر و ڕۆڵی سەرەکیش لە ڕووداوەکان دەگێڕێت و پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێرای هیچ یەکێک نیە ، دوور لە کارلێکی گوێگر بەرێوە ئەڕوات ، مۆنۆلۆگ دەتوانرێت تاکی بێت ، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسێکدا لە دەرەوەی پەیوەندی قسەکەر شوێنێک بە دەستدێنێت )) .(سنور قارد فەرەج ، 2012 : 160) هەروەها ((( ڕۆبەرت هامفری) لەکتێبی (شەپۆڵی هۆش لە ڕۆمانی نوێدا ) بەم جۆرە پێناسەی مەنەلۆگ دەکات و دەڵێت : ئەو جۆرە تەکنیکەیە کە بەمەبەستی پیشاندانی باری دەروونی کارەکتەر و کردارە سایکۆلۆژییە کانی بەکاردێت ، بەبێ قسەکردنی کەم یا زۆر ، لە چرکەیەکدا کە لە چەند ئاستێکی جیاوازی هۆشدان ، پێش ئەوەی وەک دەربرین پێبگەن و بتوانرێت بە مەبەست بەشێوەی وشە و ڕستە گوزارشتیان لێبکرێت )) . (ئەردەلان شوکر سابیر ، 2009 : 118)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت مەنەلۆگ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە نوسەر گێڕەرەوە لەزۆربەی دەقەکانی ناو ڕۆمان سودی لێ وەردەگرێ و بە ئامرازێکی گرنگی گێڕانەوەی دادەنرێت گێڕەرەوە لە ڕێگەی مەنەلۆگەوە دیوی ناوەوەی کەسایەتیەکان و کارەکتەرکانی بەکاردەهێنێت و نیشانیدەدات و جیاوازی نێوان مەنەلۆگ و دایەلۆگ لەم ڕوەوە دەردەخات

**2–_ شێوازەکانی گێڕانەوە :**

له مێژووی گێڕانەوە دا  تاوەکو ئەمڕۆ بۆمان دەردەکەوێ کە شێوازەکانی گێڕانەوە لە هەموو ڕووەکانی ژیانی مرۆڤەوە وردە وردە بەرەو پێش چووە و قۆناغ بەقۆناغ  گۆڕانی بەسەر داهاتوە و بەرەو پێش چونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە ، لەگەڵ زۆری شێوازی گێڕانەوەدا ، ((بێسنوری شێوازی لێکەوتۆتەوە ، لە چیرۆک و ڕۆمان دا هەزاران هەزار شێواز بۆ نوسینی هەموو شتی لە ئارادان)) . (سەنگەر قارد شێخ محەمەد حاجی ، 2009 : 62) .

((پرۆسەی گێڕانەوە لە دەقە ئەدەبییە گێڕانەوەییەکاندا بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی گرنگییەکی گەورەی هەیە ، تەنانەت گرنگییەکەی دەگاتە ڕادەیەک کە بەپێوەر و بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دروستبوون و جیاکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکان و جیاکردنەوەی چیرۆک لە جۆرەکانی دیکەی ئەدەبدا ، لە بەرانبەر ئەمەشدا چۆنیەتی گێڕانەوە پێوەرێکیشە بۆ سەرکەوتنی کاری چیرۆک نوسین ، وەک (ڕۆب گرێیە) دەڵێت : چیرۆکنووسی  ڕاستەقینە ئەو کەسەیەکە دەزانێت چۆن چیرۆکەکەی بگێرێتەوە)) . (معتصم احمد حمدامين ، 2012  :  7) . هەروەها  (( شێوازی گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان زیاتر لە ڕێگەی جۆری گێڕەڕەوەو ئەو گۆشە نیگایەی کە لێیەوە سەیری کارەکتەر و ڕووداوەکان دەکات دیاریدەکرێت . ڕەخنەگری فۆرمخوازی ڕووسی (تۆماشیفسکی) دوو جۆر شێوازی گێڕانەوە دەستنیشان دەکات)).  (ئەردەلان شوکر سابیر ، 2009 ، 96)  ، ئەوانیش: **أ_** گێڕانەوەی خودی :- ب_ گێڕانەوەی بابەتی :ئێمە لە شێوازی گێڕانەوە بە جیا باسی هەریەک لەم دوو شێوازانەی سەرەوە  دەکەین :

**أ- گێڕانەوەی خودی :-**

(( گێڕانەوەی خودی – ذاتی – کەنوسەر بە زمانی قسەکەرەوە  ڕووداوەکان تۆمار دەکات و خۆی و یەکێک لە پاڵەوانەکانی چیرۆک کە دەکاتە یەک کەس )) .(حەسەن جاف ، 1985 :82)

(( ڕەنگە خودی گێڕەڕەوەی لەکاتی گێڕانەوەدا بەشێوازێک  لە شێوازەکان دەربکەوێت ، ئەمەش (بەداهێنانی هۆشی ناو دەبرێت ، قۆناغێکە لەم قۆناغانەی گێڕەڕەوە خۆی تێدا دوو دڵ دەبینێ لەنێوان ئەو ڕاستیەی کە تێیدا ژیاوە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی کە دەیان جووڵێنێت .)) (ڕێزان ڕەحمان خدر ،

2012 :40) . (( هەرچی گێڕانەوەی خودییە ، لە بنەڕەتدا هیچ ڕۆڵێک بۆ گێڕەرەوەی هەموو شتزان ناهێڵێتەوە ، بەڵکو لە ڕێگەی گێرەرەوەکەوە شوێن پێی گێڕانەوە کە دەکەوین و بە دوای سەرچاوەی زانستیی گێرەرەوەکە دادەگەڕێن . بۆ ئەوەی ئەوەشمان بۆ بێتەدی بەڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە دێینە ناوەوەی ڕووداوەکان ، چونکە گێڕانەوە بە زمانی قسەکەر کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ئەنجامی دەدات ، وامان لێدەکات هەست بە ئێش و ئازاری پاڵەوان و کارەکتەرەکان بکەین و هەر لەگەڵیشیاندا بەشداریی لە گێڕانەوەکەدا بکەین)) . (جەلال ئەنوەر سەعید ، 2009 : 198) .هەروەها ((دوایین و گرنگترین تایبەتمەندیی گێڕانەوەی خودیی ، ڕووبە ڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی کەسێتیەکان و خوێنەرە ، چونکە لەم شێوازەی گێڕانەوەدا کەسێتیە کان بەزمانی خۆیان گوزارشت لە تێروانینەکانیان دەکەن ، واتە جێناوی بەکارهاتو جێناوی (من) ە ، واتە ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ دەگوێزرێنەوە بۆ خوێنەر ، نەک لە ڕێی گێرەرەوەکە لە دەرەوەی سنوری ڕووداوەکان )) . (میران جەلال محەمەد ،2009 : 168)

**ب-_ گێڕانەوەی بابەتی :-**

((لە سیتەمی گێڕانەوەی بابەتیدا گێرەرەوە هەموو شتێک دەزانێت ، تەنانەت دەرک بە بیرە نهێنیەکانی ناو مێشکی کارەکتەریش دەکات بەڵام لە سیستەمی گێرنەوەی خودیدا لە ڕێگەی چاوی گێرەرەوە شوێن پێی گێڕانەوە کە دەکەین )) . (ئەردەلان شوکر سابیر ، 2009 :96).

دەکرێ ئەم دوو سیستەمە ئاوێتە بکرێن ،(( ئەمەش مانای ئەوەیە ، کە گێرەرەوە یان دەبێتە گێرەرەوەی هەموو شتزان و پەیوەندی بە گێڕانەوەی بابەتییەوە دەبێت ، یان گێرەرەوەیەکی ئاشکرایە جا چ گێڕانەوە کە بە ڕاناوی کەسی قسەکەر بێ ، یان بەڕاناوی نادیار ، ئەم جۆرە گێرەرەوانەش پەیوەندییان بەگێڕانەوەی خودییەوە هەیە . بە پێی ئەم دابەشکردنە نووسەر بۆ هەر یەکەیان پشت بە جۆری گێرەرەوە دەبەستێت )) . (ڕێزان ڕەحمان خدر ، 2012 : 40-41) هەر لە شێوازی ((گێڕانەوەی بابەتیی ، ڕەگو ڕیشەی گێڕانەوەی بابەتی بۆ داستان دەگەرێتەوە . بۆیە گێڕانەوەی تەقلیدییدا پێدەوترێت گێڕانەوەی داستانیی یان گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ)) .(جەلال ئەنوەر سەعید ، 2009 : 195) گێرەرەوەی بابەتی (( خۆی ڕووداوەکان هەڵدەبژێرێت و هۆکارەکانیان لێکدەداتەوە بەبێ ئەوەی هیچ سنورێک لەنێوانیاندا بکێشێت ، کەسێتیەکانیش لە چوارچێوەی ئەو

ململانێ فیکریی دەروونیی و پەیوەندیانەی بەیەکتریانەوە دەبەستێتەوە .)) . (میران جەلال محەمەد ، 2009 : 159)((بەڵام هەندێک جار لەشێوازی گێڕانەوەی بابەتی دا وا ڕێک دەکەوێ کە گێڕەرەوە لە جۆری گێڕەرەوەی کەم شتزان بێت (( لەبەرئەوەی تەنها لە دەرەوەی شتەکان دەبینێت و شۆڕ نابێتەوە ناخی کەسەکان و ناچێتە شوێنیان و نازانێت بیر لە چی دەکەنەوە و هەست بەچی دەکەن بۆیە هەر لە دیوی دەرەوەی ئەو کەسانە دەوەستێت و بە شێوازێکی بابەتی چیرۆکە کە دەگێڕێتەوە ))، ئەمەش ئەوە دەردەخات کەلە شێوازی گێڕانەوەی بابەتی دا ، گێڕەرەوە بەشداری ڕووداوەکان ناکات )) . (معتصم احمد حمدامین ، 2012 : 10)

**بەشی دووەم: کاریگەری تەکنیکی گێڕانەوە لەڕۆمانی شار(حسین عارف)دا**

شێوازی گێڕانەوە لای(حسین عارف)خاسیەت و تایبەتمەندی و تەکنیکی دیاری کراوی خۆی هەیە لە شێوازی نوسین و خودی ڕۆماننوس بە دیاریکراوی دەردەکەوێت،هەروەکو لەڕۆمانی(شار)ڕۆماننوس لەسەر زمانی کەسایەتیەکان ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە،بەدیاریکراوی کەسایەتیەکی سەرەکی نییە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە ،لەڕۆمانی(شاردا)تاکە کەس ڕۆڵی سەرەکی نابینێت،بە گشتی ڕووداوەکان بەڕێوەدەچن و هیچ کەسێک شا کەسی ڕۆمانەکە نییە. بەڵکو کۆمەلە کەسێک لە ڕۆمانەکەدا دەرخراون وهەریەکەشیان ڕۆڵی تایبەتی و جیاوازی هەیە لە کەسێتییەکان دیکەی نێو ڕۆمانەکەو ئەمەش وای کردووە کە هیچ یەکێکیان لەسەرجەم بەشەکانی ڕۆمانەکەدا دەرنەکەوێت ولەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی هەندێک لەو کەسانە وەکو (میمکە سابیر،خورشید،ئەورەحمان،هاوڕێ، ئەختەر)بە تاییبەتیش (مریەم)زیاتر دەرخراون هەر یەکێکیش لەو کەسانە خاوەن کێشە و گرفتی تاییبەتی خۆیەتی کە لە بەشێکی ڕۆمانەکەدا دەبێتە کەسێکی سەرەکی و دیاری نێو ڕووداوەکانی،لەبەرگی یەکەمی ڕۆمانی(شار)دا،چونکە وەک دیارە کۆمەلێک کەس بەیەکەوە شارەکەی (حسین عارف)پێک دەهێنن پێکهاتەی بونیاد دەهێنن و هیچ کەسیک بەتەنیا ناتونێت دەلالەت لە پێکهاتەی شارێک بکات خودی ڕۆماننوس لەڕێگەی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکەی(شار حسین

عارف)ڕووداوەکان بەش دەکات هەریەکە و لەڕێگەی کەسایەتیەکەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.هەر گێڕەرەوە یەکیش هەڵگری زمان حالی ونوێنەری خودی کەسایەتیی نوسەرە. سەرەتای ڕۆمانەکە بەوە دەست پێدەکات،((لە ئێوارەی ڕۆژێک لەڕۆژانی بەهاری سالی 1942دا،زەلامێک بەخۆی و کەرێکەوە کە هەرچی شرەوپڕەیەکی هەبوو لێی بارکردبوو لەبەر دەرگای کۆنە خانووێیکی گەرەکی سەر شەقامدا ڕاوەستا،دەرگا کە لەو کاتەی ڕۆژ دەبوووەو دەکرایەوە و ئیتر هەتا دنیا تاریک دا دەهات داخستن و بگرە پێوەدانیشی بۆ نەدەبوو چونکە ناو خانووەکە ، پورە هەنگێک،بوو بۆخۆی و پێوەدان و داخستنی دەرگاکە،دەبووە کارێکی بێهودە))(حسین عارف،شار،9:2011) لە ڕۆمانی شاردا تەکنیکی گێڕانەوە تەکنیکی ئاسایی نییە،بەڵکو گێڕانەوەکە بەسەر چەند گێڕەرەوە یەک دابەشکراوە و گۆشە نیگای تێکەڵ بەکارهاتووە.هەروەها دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوەکە ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی بابەتی و گۆشەنیگای نوسەرەوە دەردەکەوێ لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا میمکە شای ناو پورە هەنگەکە مەملەکەتەکەی بەڕێوەدەبرد،((میمکە حەلیمی خاوەن خان و گەیشتە ئاستی و لێی راپەری،وتی :

ئەوە چیە ؟ ئەمەیشت هەیە؟تۆ هیچ باست نەکرد من رازی نابم ئەو کەرەلەم حەوشەیەدابێ.خۆئێرە تەویلەنییە سابیری حەمال.خراپ پەشۆکاو وەک ئەو خۆشی لەباسەکە بێ خەبەربێ لەجێی خۆی چەقی وهیچ وەرامێکی بۆ نە دەدرایەوە.تاکاتێ میمکە بە هەڕەشەوە وتی: –فەرموو چۆن هاتویت وەهاش کەل و پەلەکانی لێ باربکەوەو برۆ دەی فەرموو–ئێرە تەویلەنییە)). (حسین عارف،شار،9:2011)

شێوازی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بابەتیی و خودیە . چونکە هەندێک جار گێڕەرەوە کەسایەتیەکانی دیکە دەدوێنێ و لە دواوە دەڕوانێتە هەڵسوکەوتیان و ئاگاداری هەموو شێتکە . وە هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە . خودی ڕۆمان نوس کەسایەتیەکان دەدوێنێ . (حسین عارف) لەم ڕۆمانەی دا زیاتر باسی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان دەکات و ڕووداوەکانی ڕابردووی شارێک لە ڕێگەی کەسایەتیەکان ناو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە و ئاشناکردنی کوچە و کۆلانەکانی شار بە خوێنەر ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانەش بە هاتنە دیناوەی مریەم کێشەکان زیاتر بوون و مەملەکەتەکەی میمکە

تەواو گۆڕانکاری بەسەر داهات . بەم جۆرە ((بەهاتنە دیناوەی مریەم ، بریتی بوو لە دانانی گەرای مردنی دایکی دایک خۆی نەبێت قەت هیچ کەسێکی تر بەم ڕاستیەی نەزانی . هەموو ئەو نەخۆشییەیی تووشی هات دەیاندا پاڵ منداڵی دووەم کە دوو هەفتە ژیا و مرد لە کاتێکدا ئەو خۆی چاکی دەزانی کەلە یەکەم ساتی بوونی مریەمەوە بووە و بەڵام لە دووە منداڵی دیاری داو زەیفی لێ سەند )) . (حسین عارف ،شار ، 2011 :31 ) .بەم شێوەیە ڕۆمانوس باسی لە چەندین ڕووداو کردووە و دەگێڕێتەوە و خۆی وەک کەسایەتییەکی سەرەکی لە دەوری ڕووداوەکاندا دەخولێتەوە و بەرەو پێشەوەیان دەبات . لە ڕووداوێکی تری ئەم ڕۆمانەدا ،((بەیانییەکی زوو بوو ، میمکە لەبەر بەلووعەکەدا بوو کەقیژەو هاواری خاوەری کەوتەبەر گوێ  وە دەیوت : کوشتت .. دەمرم ... تۆ کوشتت ..تۆ .. )) .(حسین عارف ، شار،2011 : 32) .نوسەر لە ڕێگای ڕووداو بەکارهێنانی شێوازی نواندن کەسایەتییەکان پێش کەش دەکات ڕۆڵی کەسایەتیەکان وەک گێڕەرەوەیەک دەردەخات .

سیستەمی کات لەڕۆمانی (شار) دا کاتی گێڕەرەوەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی فراوان وورد باسی لایەنەکانی ڕووداو دەکات . لە بەشێکی ڕووداوەکان کاتی درێژ لە گێڕانەوەکەدا دەخایەنێت نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا باس لەو ڕووداو ئەو کاتە درێژە دەکات کە میمکە دووای کۆچی دایکی مریەم بۆ ماوەی ساڵێک قسەی لەگەڵ باوکی مریەم نەکردووە لێ نەپرسیوەتەوە ((تا ڕۆژێکیان هەر هێندەی دینا ڕووناک بووەوە ، وەک لە دەمێکەوە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی شەو بوو بێ ، ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەی هەنگاوی نا . بێ هیچ دوو دڵییەک لە دەرگای داو خۆی کرد بە ژووردا سابیر سێ ڕۆژی ڕەبەق بوو لە جێگەیدا کەوتبوو بێ ئەوەی کەس لێی بپرسێتەوە لە ڕۆژی یەکەمدا کەس پێی نەزانی لەڕۆژی دووەمدا بۆ ئێوارەکەی ، ژنەکەی خولەی پینەچی ئاشکرای کردوو وتی:-میمکە لەوە دەچێ سابیر نەخۆش بێ ئەو بەکەمتر خەمیەوە تەنیا وتی: پالی نەگەرێ )) .((حسین عارف ،شار،2011: 39-40))لەڕۆمانی شاردا پەیوەندیەکی پتەو هەیە لە نێوان کات و شوێنی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن،بێگومان شوێن توخمێکی گرینگە لە ڕۆماندا و گۆڕەپانێکە کە  کە سەرجەم ڕووداو بە سەرهاتەکانی تێدا ڕوودەدات شوێن لەڕۆمانی(شار)دا شێوازێکی گێڕانەوەی واقیعیانەی هەیە،خوێنەر زۆر بەئاسانی هەست بە بونی ئەم واقیعیانە دەکات کە لە ڕۆمانەکەدا باس کروان،هەر لەبەر ئەمەش کەنوسەر خەڵکی شاری سلێمانییە و لەوێ لە دایک بووە،بۆیە نوسەریش لە دەقی ڕۆمانەکەیدا زۆر بە وردی با سی ئەم کوچەو کۆلان و خانوو دووکان و چایخانە و زۆربەی شوێنە گرینگ و دیارەکانی ئەم شارەی کردووە بە شێوازو تەکنیکێکی جوان بۆمان دەگێڕێتەوە ،((ئێتر لە

ڕۆژی دواییەوە زۆراب بۆ وەستاو بۆ چاخانەکەش بووە کۆلەکەیەکی پتەو چاخانەکەش دەکەوتە سەر مەیانی ماست فرۆشەکان دوو دووکان بوون لەیەک درابوون .بۆدانیشتن،جێگەی دوو قەنەفەو سێ مێز،بۆ دۆمینە و تاولەکردن تێدابوو کە ئەمانیش ،یەکێ چوار کۆرسی تاکیان بە دەور دابوو )). (حسیەین عارف،شار2011 :134-133).لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە نوسەر زۆر جوان باسی شوێنی چایەخانەکە دەکاو زۆر بەوردی وەسفی ناوچایەخانەکە مان بۆ دەکات گرینگی وەسف لە ڕۆمانەکە دا دەردەخات لە دەقێکی تری ڕۆمانانەکە نوسەر گرنیگی بە تەکنیکی (وەسف)داوە، ئەو بابەتانەی نوسەر لە ڕێگەی وەسفەوە باسی لێوەکردوون ئەمانەن:-

**أ- وەسفی کارەکتەر:-**

**ب -وەسفی شوێن:-**

**جـ -وەسفی شت:-**

نوسەر لە ڕۆمانەکەیدا هەرسێ جۆر وەسفی بەکارهێناوە یەکێکی تر لەو وەسفانەی، ((لە شەوێکی زۆر تووش و سەختی زستان بوو،ئەژنۆیەک بەفر،لەسەر زەوی بوو باوکم ماڵ و حالێکی مام ناوەندی بۆ جێ هێشتبوین )).(حسین عارف،شار،2011 :140)لێرەدا نوسەر زۆر بەجوانی وەسفی شەوێکی زستان دەکات کە ئەژنۆیەک بەفر لەسەر زەوی باریوە.

**تەوەی یەکەم:پراکتیزەکردنی ڕەگەزەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی شار(حسین عارف)دا :**

ڕۆمانوس لەم ڕۆمانەیدا کۆمەڵی ڕووداو بەسەرهاتی ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕامیاریمان بۆ دەگێڕێتەوە سەبارەت بە خەڵکی شاری سلێمانی هەروەها ئەو ڕووداوو نا کۆکییانەی نێو جەرگەی کۆمەڵگای کوردەواری لە ئاکارێکی مێژووییەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاکارێکی ئەدەبی.ئەو ڕووبەرەی کە کاری تێدادەکات ڕووبەرێکی فراوانەو دەچێتە قولایی کێشەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگاوە لەڕۆمانی (شاردا)نوسەر/گێڕەڕەوە لەبەر ئەوەی هەمووشتێ دەربارەی کەسایەتیەکان دەزانێت و واتە هەمووشت زانە و بالادەستە.

جۆری گێڕەڕەوە هەر لە گێڕانەوەی ئاساییدا دەرناکەوێت لە ڕۆمانی (شار) دا ڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوە ، وەک دایەلۆگ و مەنەلۆگ لە بەشی یەکەموو دووەمی ڕۆمانەکەدا بەڕوونی ئەم دوو ڕەگەزە سەرەکییە بەرچاو دەکەوێت ، ئەمەش دوای مردنی میمکە کێشە و گرفتەکان زیاتر سەری هەڵداو باس لەو ماوەیە دەکات کە خانووەکە بێ ساحێب ماوە . کرێچی یەکانی میمکەش هیچیان بۆ نەکرا کە ویستیان خانووەکە بەناوی مریەمی کچی سابیری حەماڵ بکەن ، ڕۆژێک، ((دەمەدەمی عەسر کابرایەکی نەدیو نەناسیاو ، لە دەرگای حەوشەی دا دەرگا وەک جاران لەسەر پشت بوو . کە حەبێی ژنی قالە چبوو بە دەنگەوە ، کابراپێی نابووە حەوشەکە و بەخانوەکەدا هەڵی دەڕوانی .

- حەبێ وتی :

- فەرموو کاکە .... چیت دەوێ ؟! .
- ئەو هەر بەدەم هەڵڕوانینەوە وتی :
- پیاوتان کێ لەماڵە ؟.
- بۆ چیتە ؟ ! .
- هەندێ قسەم هەیە دەمەوێ لەگەڵیدا بکەم .
- حەبێ لەسەری نە ڕۆیشت ، چوو قالەی بۆ نارد . ئەمیش کەلێی پرسی :
- فەرموو برام ....چیت دەوێ ؟ ! .
- ئەو بێ هیچ پێشەکی و سەجەرە خوێندنەوەیەکی خۆی بە زمانێکی پاراوو لە سەر خۆ وتی : کاکی خۆم ئەم خانوە بەپێی شەرع بەپێی قانون هی منە )) .

(حسین عارف ،شار ،2011 : 48) لێرەدا هەر لەم دایەلۆگەی نێوان حەبێو قالە و ساحێبی تازەی خانووەکە ئەمە دەرکەوت کە کێشەی خانووەکە یەکلابویەوە و لایەنێکی نوێ لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت و کێشە و ململانێی زیاتر دوای خانوەکە دەستی پێکرد بۆ کرێچیەکانی ناو خانوەکەی میمکە . لەمەوەش گۆڕانوو پەرەسەندنی لایەنی کەسایەتییەکان ڕوودەدات و گێڕانەوەکە بەرەو ئاراستەیەکی تر هەنگاو دەنێت . هەروەها نوسەر لە گێڕەڕەوە ڕێگەی دایەلۆگی ناڕاستەوخۆوە لەگەڵ کەسایەتیەکاندا بەشداری لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردووی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمان دەکات ،

گێڕەرەوە  نوسەر لە ڕێگەی بەرکارهێنانی ڕاناوی (من ، تو ، ئەوان )، لەگەڵ کەسایەتیەکاندا بەشداری دەکات و لەگەڵ مریەم دایەلۆگ دەکات ، ((ئەوانەی لە خانووەکەی میمکەدا لەگەڵتاندا بوون ، منداڵیان هەبوو لە قوتابخانە بێ .

- بەڵێ ئەحمد و محمودی کاک حەمە عەلی لە قوتابخانە بوون
- ئەتۆ داوات لە میمکە نەکرد بتنێریتە  قوتابخانە ؟ .
- نەء .
- بۆچی ؟ خۆت حەزت نەدەکرد ؟.
- با.... خۆم حەزم دەکرد . بەڵام کاک حەمە عەلی کچێکی هەبوو لە تەمەنی مندا بوو ، کەچی نەیناردبووە قوتابخانە .هەموو جارێکیش لێم دەبیستن کە چوونە قوتابخانە بۆ کچ نابێ .
- میمکەش دەیوت ؟ .
- بەڵێ .
- تۆش لەبەر ئەوە داوات نەکرد .... وانا ؟ .
- بەڵێ)). (خسەین عارف ،شار،2011 : 53)

ئەوەی لەم دایەلۆگە تێبینی دەکرێت کە گێڕەرەوە / نوسەر لە زۆربەی دایەلۆگەکانی دا وشەی تۆی بەکارهێناوە . ڕۆمان نوس هەوڵی داوە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی دایەلۆگەوە لە ڕێگەی کەسایەتیەکانەوە دەربرینی سۆز و هەڵوێستەکان بەشێوەیەکی گونجاو بگرێتەوە . نوسەر هەردوو جۆری گێڕانەوەی لە ڕۆمانەکەدا بەکارهێنا ئەویش دایەلۆگی ڕاستەوخۆ و دایەلۆگی ناڕاستەوخۆیە لە ڕێگەی دایەلۆگی ڕاستەوخۆوە ، ڕۆماننوس ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکار دەهێنێت ، ڕێگە بەکەسایەتیەکانی تر دەدات خۆیان بدوێن و لە ڕێگەی  دایەلۆگەوە بۆ چونوو هەڵوێستە تازەکانی کەسایەتیەکان پێشکەش بکات . لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا ڕاناوی (من) کەسی یەکەمی تاک بەکارهێناناوە ، دەڵێت (( من وای بۆ دەچم کە باوکە کەتنکەرەکە ، بەفێڵ منداڵەکەی لەچنگ دایکە دەرهێنا بێ و بەو دەردەی برد بێ

ئەو ڕەحمان وتی :

- دەم خۆش دەشگونجێ بۆ خەڵەتاندنی دایکە وتبێتی :
- دەیبەم دەیدەم بە دایەنێک بە خێوی بکا یا هەر فێڵێکی تر لەو بابەتە )) . (حسین عارف ، شار،2011 :149 )

لەم دەقەیە دانوسەر لە جیاتی کەسایەتیەکە بڕیار دەدات و بۆچونی خۆی لەم بارەیەوە دەردەبڕێ و دەبێتە گێڕەڕەوەی بۆچونی کەسایەتیەکە . هەروەها نوسەر لەڕێگار دایەلۆگی نا ڕاستەوخۆی نێوان (ئەو ڕەحمان و سابیر) باسی ژیانوو بەسەرهاتی سابیر پێش ژن هێنان و هێنانە دیناوەی مریەم ، گێڕەڕەوە/ نوسەر لە یادەوەری سابیری حەماڵ ڕووداو ئەو کارەساتەی بەسەری هاتووە بۆمان دەگێڕێتەوە وسیفەتی کاتی ئێستای پێ دەبەخشێ کە پێش کەش کردنی دایەلۆگی ئەم دووانەیە ، و دەڵێت . ((ئەو ڕەحمان جەمسەری گفتۆگۆی دامەزراندە و وتی :

- مام سابیر ... تۆ تا ئێستا باسێکی ژیانی خۆتت بۆ نەکردووین هەر ئەوەندە دەزانین ژنت هێناوە و مریەمت لێی بووەوە دوایی مردووە . ئەمیشت بەشووداوە بە لەعنەتییەکە و لەگەڵیدا ، توشی گێچەڵ کە بویت . باشە ئەی پێش ژنهێنانەکەت ؟سابیر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو جگەرەیەکی ئاگرداو دوو سێ مژی قووڵی لێ دا ،ئینجا بە دوور و درێژی و لە نوو کەوە ، بۆیان کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی هەر لە ڕۆژانی منداڵییەوە لە گوندەکەیاندا ، هەتا ئەو ئێوارەیەی ڕی کەوتە چاخانەکە .خورشید سەبارەت بە مریەم ، ڕقی زۆر لە سابیر هەڵسا . دانی بەخۆی داگرت هەتا لە قسەکانی بووە ئینجا وتی
- یانی مریەمت بە فرۆشتن فرۆشت ...بەکێش ؟ ! .... بەدڕندە یەک و بە یەکێک کە بە باوکی دەشێ ! وانییە ؟ !)). (حسین عارف ، شار،2011 : 174)

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو دایەلۆگە ئەوا بەتەواوەی هەست دەکەین کەوا کەسێک ئەو دایەلۆگە دەگێڕێتەوە ، چونکە لەیەک پەیوەندی بە کاتی ڕابردووەوە هەیە لەلایەکی تر دەنگی نوسەر گێڕەرەوە ، کەخودی سابیرە دەبیستین لەبەر ئەوەی سابیر ژیان نامەی خۆی لەم ڕووداوانەی بەسەری هاتوی دەگێڕێتەوە . لە هەمان کاتی دایەلۆگەکە باسی ڕووداو وەسفی کەسانی تریش دەکات . هەروەها باسی ڕەفتارو و هەڵسوکەوتی خراپی سابیریش دەکات کەچ جۆرەکارێکی ناشیرین بەرامبەر بە مریەم کردووە . گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەهۆی ئەم جۆرە دایەلۆگەوە دەتوانی یارمەتی ئامادەکردنی گێڕانەوەی ڕووداوی تر بدات . هەروەها ڕۆمان نوس لەڕێگەی (مەنەلۆگ) بەپێی نیشاندانی دیوی ناوەوەی کەسە کە (کارەکتەرەکانی ناو بەهەرمەکەی نیشاندەدات .گێڕەرەوە نوسەر لەکاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە پەنای بۆ بەکارهێنانی هەردوو جۆری مەنەلۆگ بردووە هەر لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا نوسەر باس لە کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەی دەکات ئەویش کێشەی مریەم و کەوتنە داوی خۆشەویستی لەگەڵ فەرهاد لەڕێگەی مەنەلۆگەوە ڕاستەوخۆ  کەوتە خۆ دواندنی((من دەزانم ئەو منی دەویێ .... ئا ...منی دەویێ . جارێک و دە و سەد ، بۆی سەلماندووم کە حەزی لەمنە . ئەوە نەبوو دوای حاڵەتە نە علە تیەکەی بەسەرم داهات ، کە ڕێم کەو تەوە لای ،  چەند بەسۆزەوە وتی تۆ لە ئێستاوە . من بە برایەکی گەورەی خۆت بزانە . منیش تۆ وەک خوشکێکی بچوکی خۆم بەسەر دڵەوە دەگرم )).(حسین عارف ، شار ، 2011 : 36)

مریەم/ گێڕەرەوە لەم مەنەلۆگە دا لەکاتی ئێستادا بیرکردنەوەی ناخی خۆی ڕادەگەیەنێ بەبێ ئەوەی نوسەر بەشداری بکات و گوێگرێک لە بەرامبەری دا هەبێ . کەبیری بۆ لای خۆشەویستەکەی دەروات ، کەچۆن لەم ڕزگاری بێ و خۆی بسەلمێنێ و هۆشی بگەڕێنێتەوە کە فەرهادی خۆش دەوێ .

هەر لەبیرکردنەوەی ئەم باسەیدا ((هەرئەو جارەی وای وت ئەگینا لەوە بە دواوە ، هەموو جار وتوویەتی : ها کچە جوانەکە ...چۆنیت ؟ . یا دەڵێ : بەخێربێت کچی جوان . نەبوو من جارێکیان لە دەمم دەرچوو وتم ئاخر خۆ من کچ نیم ! . کەچی ئەو وتی : نا تۆ لەلای من هەرکچیت و کچێکی زۆر جوان و شیرینیش )). (حسین عارف ،شار ،2011 : 364)

لەلایەکی ترەوە لە باسکردنی (زایەر)یش کاتێک زایەر لەگەڵ ئەختەری خوشکی دەکەوێتە کێشە و ململانێ وچەندین ڕووداو لە نێوان (زایەر و – ئەختەرو – خورشید) خۆشەویستی ئەختەر ڕویاندا تا ڕۆژێکیان خورشید لە ڕێگەی هاورێکانیەوە هەڕەشەی لەزایەر کرد دوای ئەو (زایەر) گێڕەرەوە کەوتە خۆ دواندن : ((ئەختەر وای لێهات ؟ ! ئەنجامت بەوەشکایەوە ، کە سەگە خوێڕیەکەت بنێری هەڕەشەم لێ بکات ؟ ! وای لێ هات ؟ ! . یانی تۆ بچیت بە ئارەزووی خۆت دەست بدەیتە بەد ڕەوشتی و بەرەڵلایی ... تۆ بچیت بە دەستی ئەنقەست ، حەیامان بەریت و من بەرت لێ بگرم و کەچی ، سەگە خوێڕییەکەتم لێ هان بدەیت بنێری هەڕەشەم لێ بکەن ؟ ! . ها ؟ ! ....)) . (حسین عارف ، شار ، 2011 :380) گێڕەرەوە /نوسەر لەم باسەیدا مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆی بەکارهێناوە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕاناوی (من – تۆ – ئەو) هەست بەوە دەکەیت کە نوسەر و گوێگرێک هەیە ، گێڕەرەوە(زایەر)ناخی خۆی هەڵدەرێژێ بە تۆڵە کردنەوەی هەروەها نوسەر / گێڕەرەوە لە زاری (زایەرەوە) دەڕوانێتە کەسایەتی (ئەختەرو – خورشید ) ، هەروەها نوسەر لە گێڕانەوە وەنوسین دەقی ڕۆمانەکەیدا گرنگی باشی بەلایەنی مەنەلۆگ داوا وە لە دامەزراندنی بینای گێڕانەوەی دەقەکەیدا . نوسەر لە یادەوەری گێڕانەوەکەیدا سودێکی زۆری لە تەکنیکی مەنەلۆگ وەرگرتووە . بۆیە لەگەلێک شوێندا گەلێک زانیاری گرنگمان بۆ ڕون دەکاتەوە .

**تەوەرەی دووەم :پراکتیزەکردنی شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی شاری (حسین عارف ) دا:**

گێڕەرەوە / نوسەر لەکاتی گێڕانەوەی وەی دەقی ڕۆمانەکەیدا دوو شێوازی سەرەکی بەکارهێناوە ئەویش گێڕانەوەی بابەتی و گێڕانەوەی خودییە ، هەر یەکەشیان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەجۆری ئەو گێڕەرەوەیەی گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات . (حسین عارف) لە دەقی ڕۆمانەکەی دا لە بەشی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی شاردا هەر دوو جۆری شێوازی گێڕانەوەی بابەتی و شێوازی گێڕانەوەی خودی بەکارهێناوە . کە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە :

**أ_گێڕانەوەی خودی :– ب_ گێڕانەوەی بابەتی :–**

**أ_ گێڕانەوەی خودی :-**

لەگێڕانەوەی خودیدا شێوازی گێڕانەوەی ناوەکیشی پێ دەڵێن ئەمەش بەهۆی گۆڕانی شوێنی گێڕەڕەوە لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە بۆ ناوەوەی ڕووداوەکان کە دەبێتە هۆی شێوازی گێڕانەوە لە بابەتییەوە بو خودی  هەروەها لەشێوازی خودیدا ، گێڕەڕەوە خودی دەنگی خۆی دەکاتە دەنگی یەکێ لە کارەکتەرەکانی نێو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لەزاری ئەوەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە .

گێڕەڕەوە / نوسەر لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەیدا باسی کەسایەتی (هاوڕێمان) بۆ دەکات لەم دەقەیدا نوسەر خۆی دەخاتە جێگای هاوڕێو لەزاری ئەوەوە باسی خۆیی مان بۆ دەکات و دەڵێت : ((سەبارەت بەمن ، باوکم و دایکم  وەهایان بەلاوە پەسەند بووە ڕەنگە بەر لە ناولێنانەکەم و تەنانەت لەدایکبوونیشم ، مێشکی خۆیان زۆر هەڵگوشیبێ لەگەڵی نامیلکە و کتێبدا گەڕابن … پرسیاریان بەچەندین  کەسوکارو دۆست و ناسیاو کردبێ . تا ناوێکی هەم جوان و شیرین لەسەر زمان و هەم بەمانا و مەغرام بۆ بدۆزنەوە و ئەنجام ، لەسەر ئەم (هاورێ) یە گیرسابنەوە)). (حسین عارف ، شار ، 2011 : 397)بەگوێرەی ئەم دەقە بۆمان دەردەکەوێ کەچۆن گێڕەڕەوە لەباتی کارەکتەرێکی ناو ڕووداوەکانەوە بیر دەکاتەوە و بەچاوی ئەو دەبینێت و لە زمانی ئەوەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ، هەروەها لە دەقێکی تری بەشی  دووەمی ڕۆمانەکە گێڕەڕەوە ، باسی هاوڕێ دەکات کە چۆن قسە لەگەڵ خۆیدا دەکات و دەڵێت ((من هێشتا جەلا دەکانم و بەتایبەتی سەرۆکەکەیانم ، باش نەناسیوە سەرەتای سەرەتامە لەگەڵیانداو نازانم ، چین و چۆنن و بای چەندن : بەڵام خۆم باش باش دەناسم و دەزانم ، چیم وکێم و لەچی و چۆن خولقاوم . دەشزانم کەوتوو  مەتەبەر چنگی . چ جۆرە جروجانەوەرێک و دەبێ چاوەڕێی . چیان لێ بکەم )). (حسین عارف ، شار :400)

گێڕەڕەوە لەڕۆمانی شاردا کە هەموو شتزانە و سەربەستیەکی تەواوی هەیە بەئارەزووی خۆی لە دیوی دەرەوە دەچێتە دیوی ناوەوە لەم ڕۆمانەدا کە باسی ڕووداوەکانی نێوان هاوڕێ و ئەمجەدو سامردا لە کۆتا بەشی ڕۆمانەکەدا سامر داوا لە (هاوڕێ ) دەکات کە واز لە سەر سەختیەکانی بێنێ و بەڵێنی ڕزگاربونی بەهاوڕێدا ((لەوەڵا میدا وتم : سامر … منیش لە دڵەوە سوپاس گوزارم و حەزدەکەم

ئەوەتان لا ڕون بێ ، کە کێشەکە تەنیا بەندی چوار چێوەی خودی خۆمە ...بەندی کە ناڵەکانی ناخی خۆمەو بواری تێدانیە هیچ کەسێک ، بتوانێ توخنی بکەوێ و کاری تێ بکات )) . (حسین ، شار ، 2011 : 547)ئەم جۆرە گێڕەرەوە لەجێی خودی کارەکتەرکان ڕۆڵ دەبینێ و بەدەنگی ئەوان و بەزاری ئەوان ڕووداو بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوە .

**ب- گێڕانەوەی بابەتی :-**

لە ڕۆمانی (شاردا) شێوازی گێڕانەوەی بابەتی بەکارهاتوە لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوە لە جۆری هەمووشت زانە و لە دەرەوەی ڕووداوەکانە و بەشێوەیەکی بابەتی باسی ڕووداو کارەکتەرەکان دەکات ، گێڕەرەوە باڵا دەستە ، لەبەر ئەوەی بە ئارەزووی خۆی ڕووداوەکان باس دەکات و دەی گێڕێتەوە زاڵە هەروەها بە هەموو شێوەیەک باسی کارەکتەرکان دەکات لە ڕووداوە بچوکەکانەوە تا ڕووداوە گەورەکان و کەسایەتیەکان بە وردوو درشتی دەگێڕێتەوە زۆر شارەزایانە و بابەتیانە باسی کەسەکان دەکات هەروەها (حسین عارف) لە ڕۆمانەکەیدا شێوازی جیاجیای بەکارهێناوە ، لە ڕۆمانی (شار) لە بەرگە یەکەمدا ، ڕۆماننوس ڕاناوی کەسی سێیەم تاک (ئەو) زیاتر بەکارهێناوە و . گێڕەرەوە /نوسەر خۆی زیاتر دوور لە ڕووداوەکان گرتووە . نوسەر لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەی لەگێڕانەوەی بابەتیدا ، زیاتر لە دوواوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان ، هەروەها نوسەر لە ڕۆمانەکەی دا لە باسی خورشید و نەریمانی برای دا دەڵێت ((ئەو ساتەی خورشید ، هەروا چارەکە سەعاتێک دەبوو ، لاشەی نەریمانی گەیاند بووە ماڵەوە و لە تاو شین و شەپۆڕ ، هاتبووە کۆڵان و لە پاڵ دیوارێکدا دانیشتبوو بەکپی دەگریا . )) (حسین عارف ، شار، 2011 :327)

لەم ڕووداوە دا دەبینین کە شوێن گێڕەرەوە لە دەرەوەیەو دەیان بینێو لە دەرەوەی ڕووداوەکانە و بابەتیانە باسی ڕووداوەکان دەکات و باسی کارەکتەرکان دەکات ، هەروەها کاتێک گێڕەرەوە شێوازی بابەتی بەکاردەهێنێت تەنیا هەر باسی ڕووخسار و ڕووی کارەکتەرکان ناکات . بەڵکو هەندێک جار ناو ناخ و دڵ و دەرونیشیان دەخوێنێتەوە . لە ڕۆمانی شاردا کاتێک باسی خۆشەویستی گەلاوێژ دەکات کە بەرامبەر فەرهاد هەیەتی و ڕۆژێک گەلاوێژ بێئاگای فەرهاد سەردانی فەرهاد دەکات ،

((فەرهاد لە یەکەم سەرنجەوە ، هەستی کرد کەچ بە مەکیاحی سەرو ڕوو و چ بە پۆشاک ، بەشێوەیەکی تایبەتی دەستی بەخۆی داهێناوە ، جگە کەلادانی لەچکەکەی و داکەندنی پاڵتۆکەش ، بەئەنقەستە . ئەم لەو هەموو نیشانانەی غافڵ نەبوو کە بەردەوام دەینواندن و دەیزانی چ نیازێکی لە خۆیدا حەشارداوە )) .(حسین عارف ، شار ، 2011 :359) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە گێڕەرەوە لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا هەم دەرەوە و هەم ناوەوەش دەخوێنێتەوە .

**ئەنجام :لەکۆتای لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :**

١- ( حسین عارف ) لەگێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا زیاتر مەبەستی دەرخستنی کێشەکۆمەڵایەتی و سیاسیەکانە چونکە ڕۆمانی شار وەک ڕۆمانێکی تۆماری نوسراوە

٢ ـ نوسەر ، گێڕەرەوی ڕووداوەکانی ڕۆمانی شار لەجۆری گێڕەرەوە هەمووشتزانە و لە دوواوە سەیری ڕووداوەکانی ناو دەق دەکات .

٣ ـ ڕۆمانی شار لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا نوسەر تەواوی جۆروشێواز ، بنیاتی گێڕانەوەی لە ڕۆمانەکە بەردەستە کردووە .

٤ ـ بەکارهێنانی دایەلۆگ و مەنەلۆگ لە نێوان کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمان گێڕانەوەکەی ڕونترکردۆتەوە ، هۆیەکیشە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکا و ئیستا لەناو ڕۆمانەکەدا .

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم / پەرتووک :**


1. جەلال ئەنوەر سەعید (٢٠٠٩) تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( ئێوارە پەروانە ) بەختیار علی دا چاپخانەی کەمال ، سلێمانی .
2. حسین عارف ، (٢٠٠٢) ، نوسینەکانم لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەدا سالانی ١٩٩٥ ـ ١٩٨٩ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، چاپی یەکەم.

3. حسين عارف ، (٢٠١١) ، ڕۆمانی شار ، بەرگی یەکەم و دووەم ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر چاپی یەکەم .
4. حەسەن جاف ، ( ١٩٨٥) ، چیرۆکی نوێ ی کوردی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی یارمەتی لە چاپی دانی داوە.
5. حەمە مەنتک ، ( ٢٠١٣ ) ، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خوارو ساڵی 2000–2010زاینی )، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.
6. ڕێزان ڕەحمان خدر، (٢٠١٢) ، تەکنیکی گێیرانەوە لە ڕۆمانەکانی (عبدالله سەراج ) دا چاپخانەی رۆژ هەلات ،چاپی یەکەم، هەولێر .
7. سەباح ئیسماعیل ، (٢٠٠٥) ، چەمک و ستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا ، چاپخانەی ئەرابخا ، چاپی یەکەم ،کەرکوک.
8. سەنگەر قادر شێخ محمد حاجی ، ( ٢٠٠٩) ، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین ) ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپیەکان ) ی بەختیار علی دا ، چاپخانەی دهۆک ، چاپی یەکەم ، دهۆک.
9. شێخ محمەدی خاڵ ، (٢٠٠٥) ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ـ هەولێر، چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر .
10. عبدالخالق یەعقوب ، ( ٢٠٠٦) ، توێژینەوەی تیۆریی و ئەدەبی ( پێناسەیەکی پوخت ) ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،چاپی یەکەم.
11. محمد نوری ئەحمد ، (٢٠٠٣) ، بونیاد (زمانگەری لە خوێندنەوەی ڕۆماندا ـ ژانی گەل وەک نمونە) ، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک ،چاپی یەکەم ، سلێمانی .
12. میران جەلال محمد ، ( ٢٠٠٩) ، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی دا، چاپخانەی ڕەنج ،سلێمانی.

**دووەم / نامەی ئەکادیمی :**

**أ/ تێزی دکتۆرا:-**

1.مستەفا سالح مستەفا خرواتانی ، (٢٠١٣) ، تەکنیکی گۆشە نیگا لە ڕۆمانەکانی (بەختیار علی ) دا ،دکتۆرا نامە ، زانکۆی سۆران .

**ب/نامەی ماستەر :-**

1. ڕێزان ڕەحمان خدر، (٢٠٠٧ ) ،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی ( عبدالله سەراج ) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین .
2. سنور قادر فەرەج، ( ٢٠١٢ ) ،تەکنیکی لە کۆمەڵە چیرۆکی (گولی ڕەش ) ی شیرزاد حەسەن دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی .
3. شوان غازی بیرداود، (٢٠٠٦) ، تەکنیکی مۆنتاژ لە رۆمانی کوردیدا ڕۆمانەکانی (کاروان عمر کاکەسور ) ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین .
4. محمد ئەحمەد حەسەن ( ٢٠١٣) ، تەکنیکی فرە دەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ( ٢٠٠٠ـ ٢٠١٠) ،، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی .
5. کاروان مەهدی عسمان، (٢٠٠٨) ، تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەختیار علی )دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە .
6. معتصیم احمد حمدامین، ( ٢٠٠٩) ، بنیاتی توخمەکانی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن) ،، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە .
7. ئەردەڵان شوکر سابیر (٢٠٠٩) ،تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانە شعریەکانی (شێرکۆ بێکەس ) دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین .

**سێیەم / ئینتەرنێت :**


1. حەمە مەنتک ، (٢٠١٩) ، چەمکی خوێنەر لای ئەرستۆ /حەمە مەنتکی ـ کرد پرس ، ns2. kurdpress.com

2. حەمە نتک ،( ٢٠١٦ )، چەمکی گێڕانەوە /بەناوی میتاسەرهات چییە ، ئاژانس / میتاسەرهات ـ چیە؟/ http:/azhans.krd

3. دیدار لەگەڵ هاشم ئەحمەدزادە سازدانی ئازاد حاجی ئاقایی ، گێڕانەوە :زمان ، مێژوو و رۆمان، www.academia.edu37241978/narration-history language- end- the novel

4. عەتا رەشید ، ( ٢٠١٨) ، د. مەریوان عومەر حسن ،( ڕەگەزەکانی هونەری ئۆپەرێتی)

http://www.hawler.in/index.php/ - ٤٦- ١٩- ٢٣ - ٢٨ -١٢- ٢٠١٧item - ١١ - ٩ - ٢٠١٨ ٥٨١٧/ ٠٤ - ٣٩

5. کاروان محمد پور ، چەمکی گێڕانەوە ، داکۆکی لە ڕۆماننوس یان ( چی ئەقەومی کە کەسیتر چیرۆک نەگێرتەوە ،

http://dengekan.info/archives//5881print =print

6. محمد سەرابی ( ٢٠١٨) ، بینای هونەری چیرۆک ـ بینای ڕووداو ، dengekan.info

7. نیهاد جامی ، (٢٠١٩) ، گێڕانەوە لە شانۆی فەلسەفیدا ، www.rudaw.net